د. شەفیق قەزاز:

لایەنی دیکۆمێنت ئامێزی کتێبی (البارزاني و الحركة التحررية الكردية) بایەخ و دەوڵەمەندی داوە بە تەوەری باسەکە

لەچوارچێوەی چالاکییەکانی بنکەی کاوەی رۆشنبیریی زنجیرە کۆڕێک بۆ خوێندنەوەی کتێبی «البارزانی و الحرکە التحرریە الکردیە» سازکرا ، یەکێک لەو تەوەرانەش بۆ د . شەفیق قەزاز تەرخان کرابوو ، ئەمەی خوارەوە کۆکی ئەو بابەتەیە چەند خاڵێکی دیکەشە کە نووسەر ئیزافەی سەر موحازەرەکەی کردووە کە لە کۆڕەکەدا باس نەکران :



پێداچوونەوە بە کتێبێکی وەک «البارزاني و الحرکة التحررية الكردية» ئەگەر بە شێوەیەکی نوسین بکرێت دەبێت لە هەموو روخسارێکی کتێبەکە بڕوانرێت، تەنانەت بە بەرگی کتێب و ژمارەی لاپەڕەو شێوەی چاپ کردنەکەی، بەبۆچوونی منیش ئەم کتێبە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشێکی پێشەکییەکەیە کە کاک مسعود خۆی هەندێ بیروبۆچوونی خۆی تێخستووە، ئەو بەشە بریتییە لە (٢٣) چاپتەر، کە لە (٤٢٣) لاپەڕە هاتووە، هەندێک پەراوێزو بۆچوون و تێبینی هەیە، کە لەم بەشەدا لە ناو کتێبەکە ئاماژەی بۆ کراوە، بەشی دووەم وەک پاشکۆ ناو براوە، ئەمیش بریتییە لە (٣٤) دیکیۆمێنت و شتی زۆر بەنرخ و گرنگی تێدایە، ئەمانەش هەر هەموو پشتگیرین بۆ تێکستی نووسینەکە.بەشی سێیەمیشی دوو کەرتە، لە (٣٤) بەڵگەنامە پێکهاتووە، زۆربەی ئەم بەڵگانەش پەیوەندی بە بارزانییەوە هەیە، ئەویش جارێکی تر بایەخ و دەوڵەمەندی داوە بەباسەکە.لە نێو ئەم بەشانەشدا فەهرەسی ناوو جێگاو عەشیرەتەکان کراوە ئەمەش بۆ خۆی شێوازێکی رێک و جوانە، کەمتر لە کتێبەکانی تر ڕەچاوی ئەم لایەنە کراوە.لە لاپەڕە (٧)ی کتێبەکە باس لە شێوازو سروشتی نوسینەکە دەکرێت کە دەڵێت:

«من مەبەستم تۆمارکردنی ئەو ڕاستیانەیە کە لە شۆڕشی ئەیلول ڕوویان داوە» ، واتە ڕووخسارێکی تۆمار ئامێزی بەخۆەگرتووە، لێرەشدا مەبەستی سەرەکی ئەو دوو شت بووە، یەکەم باسکردنی ڕووداوەکانە وەک خۆی کە ڕاستیێژی پێوە دیار بێت و دەستکارییان نەکات، ئەم شێوە نووسینەش دووخاڵ ڕوون دەکاتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە نوسەر زۆر مەبەستی بووە ڕووداوەکان لە دەروازەو ڕوانگەی خودی ڕووداوەکانەوە بنوسێت کە تەنانەت هەندێ جار لەوانەیە هەندێک لە ئاستی لێکۆڵینەوە و بۆچوونی پێویستی فەرامۆش کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام ڕەچاوی ئەم ڕێبازە بکات.

دووەم خاڵ ڕەخساندنی دەرفەتی باشە بۆ توێژەرو لێکۆڵینەوەکان، بەتایبەتیش ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە ڕووداوەکانی سەردەمی شۆڕشی ئەیلول، چونکە نووسەر بە پلەیەکی سەرەکی پەنای بۆ ئەودیکۆمێنتانە بردووە کە خۆی کۆی کردوونەتەوە، ڕاستیەکیش هەیە کە من خۆم شایەد حاڵم، ئەویش ئەوەیە کە نووسەر دەیتوانی بەبێ بەڵگەی پاشکۆکان بینوسێتەوە، بەتایبەتی ڕووداوی شەڕەکان و ڕووداوی هەندێک لەسیاسیەکان، من خۆم ئاگاداری هەندێک ڕووداوم، لە ساڵی (١٩٩٦) کە بۆ بەشداری لە یۆبیلی زێڕینی پارتی گەرابوومەوە کوردستان، لەگەڵ جەنابی کاک مسعود چووین بۆ سەری (حەسەن بەگ)، لەڕێگە جار بە جار دەوەستاین باسی ئەو شەڕو ڕووداوانەی دەکرد بە ئاماژە بۆ تەواوی وردەکارییەکان، ئەو کاتە سەرم سوڕما کە بەم شێوە مەوسوعیە ناوی تەواوی پێشمەرگە بەشدارووەکانی لەبەر بوو، تەنانەت ناوی (قائد فیلق) و جاشەکانیشی دەزانی کە شەڕیان لەگەڵ کردوون، زێدەباری ناوی گیراوو دیلەکان، بێگومان ئەمەش خەزێنەیەکی زۆر گەورەیە بۆ کاک مسعود، من بەش بە حاڵی خۆم ئەم کتێبە وەک سەرچاوەیەک دادەنێم، بۆ ئایندەش ئەمە دەبێت بەسەرچاوەی چەندەها نوسینی تر،ڕاست و دروستی تێکستی کتێبەکەش لەوەدایە کە کەسێک نووسیویەتی کە بە چاوی خۆی ڕووداوەکانی بینیوەو لەگەڵی دا ژیاوە، هەربۆیەش گەنجینەیەکی بەنرخە.چەند تێبینیەکیشم هەیە کە بە هیچ شێوەیەک لەبایەخی ئەم نووسینە کەم ناکاتەوە، چونکە هیچ نوسەرێک لەو باوەڕە دانییە کە شتێک دەربکات خاڵی بێت لە کەم و کوری، یەکێک لەو تێبینیانەش ئەوەیە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان باسکردنی نوسەر بۆ ڕووداوێک و بەڵگەنامەیەک کە لە پاشکۆکەدا هاتووە، لە بەشی یەکەمدا نوسەر باسی ڕووداوەکەی کردووەو هەندێ پەراوێزو نامە هەیە کە تێکەڵ بە تێکستی نوسینەکەی کراوە، بەڕای من باشتر بوو ئەمانە هەمووی تێکەڵ یەک بکرێن، چونکە پەراوێزو ئەو بەڵگەنامانەی لە دواییدا هاتووە لە زۆر شوێن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە یەکەوە هەیە، ئەگەر بەیەکەوە بخوێندرێنەوە لەوانەیە کاریگەری و زانیارییەکی باشتر بداتە دەست، لایەنێکی باشی ئەو بەڵگەنامانە پێشکەش کردنی یارمەتیەکی زۆرە بە نوسەر کە بتوانێت بەشێوەیەکی زانجیرەیی ڕووداوەکان تۆمار بکات، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتە باشەکانی ئەم کتێبە کە خوێنەر دەتوانێت لەسەرەتاوە دەستی پێ بکات، تەنانەت وای لێ دێت کە نەتوانێت کتێبەکە دابنێت، تەنانەت زۆر بەبایەخەوە دەڵێم ئەم کتێبە لە شێوەی داستانێکدا نوسراوە، داستانێکی وەسفی، داستانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن، ئەوەی بە دیاریش دەکەوێت خولیایی نوسەرە بۆ کۆکردنەوەی دیکۆمێنت بۆ تۆمارکردنی.

لە ساڵی (١٩٦٧)من لە ئەمریکاوە هاتم سەرقاڵی ئامادەکردنی نامەی دکتۆراکەم بووم، داوام لە مەکتەبی سیاسی کرد کە بتوانم لەگەڵیان دابنیشم بۆ ئەنجامدانی دیمانەیەک، داوای هەندێک سەرچاوەم لێکردن ئەوانیش گوتیان کتێبخانەی پارتی لەچەند قۆناغێکدا یان سوتێنراوە یانیش بەجێ ماوە، کە بەڵای منەوە ئەم لایەنە کاریگەری بەسەر نوسەر هەبووە کە دوای ئەمە هەوڵ بدات یەکێک بدۆزێتەوە ئەم بەڵگەنامانە لە شوێنی قایم دابنێت و نەفەوتێت، هەر بەم بۆنەیەش دەبێت ئامازە بۆ ئەوە بکەم کە باسکردنی شۆڕشی ئەیلول زۆر لایەن دەگرێتەوە، یەکێک لەوانە هەندێ لایەنی پەیوەندیدار بە بێگانە کە یارمەتی ئێمەیان داوە، هەر بۆیەش بەڵای منەوە وەفادارییە ئامازەیان پێ بکرێت.لێرەدا کە ئەم مەسەلەیە باسدەکەم، لەوە سەرچاوە دەگرێ کە کاک مسعود دەمێکە خولیای ئەوەی هەیە کە خەمخۆری بەڵگەنامە و دیکۆمێنتانەبێت، لەم کتێبەشدا ئەمە دەردەکەوێت لەمبارەوە هەر تەنانەت حەزمکرد، وەکو باسێکی هەندێک لایەنان ئەو لایەنانەی کە کورد نەبوون، بەڵام زۆر دڵسۆز و دۆستی کورد بوون و لەکاتی زۆر تەنگانەدا فریای ئێمە کەوتوون، لەم ڕووە کە بەندە بەڕێوەبەری مەکتەبی تایبەتی شۆڕشی ئەیلوول بووم لە تاران و لەکاتی نسکۆدا بەڵگە و دیکۆمێنتێکی زۆرمان هەبوو ، کە دەتوانم بڵێم مەترسی ئەوەی لێدەکرا، نەکرا.دیارە بۆ ئەم خاڵە لەوانەیە ئاسان نەبووبێت، بۆچی نەزانراوە، بەڵام بەبۆچوونی من دەبوایە هەوڵێکی تەواو بدرابایە، هەروەها لەلایەکی دیکەوە وەک لە کتێبەکەدا باسی مێژووی ئەو ڕوداو دەکات، لە کاتێکدایە کە هێشتا عەبدولکەریم قاسم لە ژیاندایە، هەروەها لە کاتێکدایە کە شۆڕش تازە خۆی کۆدەکاتەوە، بۆیە دەکرێ پەنای بۆ ئەو خەڵکانە ببردایە کە لەو کاتەدا ئاگاداری ئەو هەوڵە جددیە بوون لەگەڵ ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم.

هەر بۆیە بەڵای منەوە لە چاپێکی دیکەی ئەم کتێبەدا ئەگەر ئەنجامبدرێ، ئەمە یەکێک دەبێ لەو خاڵانەی زیاتر ڕوونکردنەوەی دەوێت.

چەند تێبینیەک:

یەکێک لەو هەنگاوە گرنگانەی لە شۆڕشی ئەیلوولدا ئەنجامدرا، کە بە مەزندەی من چەمکێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەم کتێبە، بەتایبەتی کە ئێستا باسی پرۆژەی فیدرالییەت دەکرێ، هەمان مەسەلە لە شۆڕشی ئەیلوولدا هەبووەو، دەبوایە لەم کتێبەدا باسبکرایە.

لە هاوینی ١٩٧٣ سەرکردایەتی شۆڕش لێژنەیەکی پێکهێنا و داوای لێکردن کە ئەمانە هەڵبسن بە داڕشتنی پرۆژەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، بە حوکمی ئەوەی من یەکێک بووم لە ئەندامانی ئەو لێژنەیە، لێژنەکە پێکهاتبوو لە:

١- پارێزەر جەرجیس فەتحوڵڵا، ٢- ئیبراهیم ئەحمەد، ٣- عەلی عەسکەری، ٤- عومەر مستەفا، ٥- شێخ محەمەد هەرسین، ٦- د. شەفیق قەزاز، ٧- د. جەمیل شان.

شێوەی دانیشتنەکانیشمان بەجۆرێک بوو بەتایبەتی کە ئەوکات لەناوپردان بووین، هەموو هەفتەیەک دووجار کۆدەبووینەوە لە ماڵی یەکێکمان دادەنیشتین و تا ئێوارە لەسەر ئەو مەسەلەیە کارمان دەکرد، تا لەماوەی چەند هەفتەیەکدا ئەم پرۆژەیە هاتە بەردەست و پێشکەشمان کرد بە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول، بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ حکومەت نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتنێک نەگەیشتینە ئەوەی ئەم پرۆژەیە بێتەبەرباس، هێندەی من ئاگادارم ئەم پرۆژەیە لای زۆر کەس هەبوو، بەتایبەتی ئەندامانی لیژنەکە هەمووی، هەروەها ماوەیەک لەمەوپێش لە پەرلەمانیش ئاماژە بەوە کرا ئەگەر سبەینێ هەوڵی دانانی یاسایەک یاخود دەستورێک بۆ کوردستانی عێراق بدرێ دەتوانرێ سوود لەو پرۆژەیە وەربگیرێ.

لەبەر ئەوە من بە شیاوی دەزانم باسی ئەم هەوڵە وەک تۆمارکردنێکی مێژووی بکرایا.

٢- خاڵێکی دیکەی گرنگ کە دەبێ لەسەری هەڵوەستە بکەین، مەسەلەی بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوولە لەدوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ ، یاخود کەسێک گەڕانەوە بۆ کوردستان، لە ڕۆژانی ١٢-١٨/٣/١٩٧٥ کە جەنابی بارزانیی نەمر گەڕایەوە بۆ کوردستان و بێگومان لەو ماوەیەدا کۆبوونەوەی لەگەڵ هەموو لایەنەپەیوەندارەکانی شۆڕشکردووە، هەر لەمەکتەبی سیاسی تا دەگاتە فەرماندە سەربازییەکان و تەواوی دەزگاکانی شۆڕش.

لەبەر ئەوە من وا دەزانم چ لەم کتێبەدا بێ یاخود لە کتێبی ترداببێت، کە قۆناغێکی زۆر گرنگە لە مێژووی شۆڕشی کورد و شۆڕشی ئەیلوول، دەبێ هەڵسەنگاندنێکی تایبەتی بۆ بکرێت.

لەبەشێکی دیکەی کتێبەکەدا، کاک مسعود ئاماژە بەوە دەکات کە جەنابی بارزانی پێی گوتووم کە دەبێ ئێوە «کاک ئیدریس و کاک مسعود» پشتی یەکتری بگرن و ئەمەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە ، چونکە من لەو بۆچوونەدام کە ئەم قسەیەی جەنابی بارزانی شتێکی عەفەوی نەبووە.

مەلا مستەفا لە سەردەمی شەستەکانەوە ، کە من لە ساڵی ١٩٦٧ کە گەڕامەوە بینم، بۆم دەرکەوت کە ئەو کات تازە هەردووکیان «کاک مسعود و کاک ئیدریس» بەرپرسیاریەتیان لە شۆڕشی ئەیلوولدا وەرگرتبوو ، کاک مسعودیش خۆی باس دەکات و دەڵێت: لە ١٩٦٣یدا بەرپرسیاریەتی پێشمەرگایەتیم پێسپێردراوە لە ١٩٦٧ داوام لێکرا بەرپرسیاریەت وەربگرم.

هەر بۆیە من وای بۆ دەچم جەنابی بارزانیی نەمر بە نەخشە و بەبیرکردنەوە ئەم دوو کەرەی خۆی ڕێکخست و وای لێکردن کەتەواوکاری یەکتری بن، وا دەزانم ئەمڕۆ لەهەر کەسێک لە هاوڕیانی بپرسین و یاخود ئەوانەی لە شۆڕشی ئەیلوولدابوون و زۆر ئاگادارن دەبینن کە ئەم دوو برایە «کاک مسعود و کاک ئیدریس» چۆن لە تەوزیفی ئەو ڕۆڵانەدابوون کە پێیان سپێرابوو، چەند بە باشی جێبەجێیان کردووە.

تەنانەت یەکێک لەو کۆستە گەورانەی کە دوای نسکۆی شۆڕش تووشی کاک مسعود بوو، نەمانی کاک ئیدریسی خواليێخۆشبوو، من دڵنیام کە هەر کاک مسعود خۆی قورسایی نەمانی کاک ئیدریس لەو قۆناغەدا هەڵدەسەنگێنێت، چونکە کاک مسعود و کاک ئیدریس بەهەموو مانای وشە تەواوکاری یەکتری بوون ئینجا ئەم لێردەدا دەردەکەوێت کە ئەوەی مەلا مستەفا پێی گووتن، ئێوە پشتیوانی یەکتری بن و پشتی یەکتری بەرنەدەن، ئەمە مانای ئەوەیە، کە ئێوە «کاک مسعود و کاک ئیدریس» پێکەوە ڕەنگە بتوانن ئەو کەلێنەی کەمن بەجێی دەهێڵم ئێوە پڕی بکەنەوە، مەخابن کاک ئیدریس زوو ڕۆیشت، بەڵام لەخوا بەزیادبێ کاک مسعود توانیویەتی ئەو ئەرکە هەڵبگرێ، لەگەڵ ئەوەی نەمانی کاک ئیدریس کۆستێکی زۆر گەورە بوو، بۆ هەموومان.

خاڵێکی دیکە کە پێموایە باسیشکراوە، کە ئەم کتێبە بە کوردی چاپبکرێت لێرەدا یەک ئیزافەم هەیە، ئەگەر نیاز هەیە بە کوردی چاپی بکەن، کاتێک بکرێت بە کوردی ئەگەر کاک مسعود حەز بکات ئەو ئیزافانەی کە پێویست تیاکرابێت.

لەماوەی (١٤) ساڵی شۆڕشی ئەیلوودا زۆر لایەنی تری جوان هاوشانی شۆڕش بوون، بەڵام نووسەر ئامازەی پێ نەکردووە، بۆ نموونە جارێکیان تاوانێک دەرهەق هەندێ خەڵکی سیڤیل کرا، لە ئەشکەوتێک سوتێنران، شۆڕش زۆر چالاکانە لێیان هاتە وەڵام، لە ماوەی دوو هەفتەدا تەواوی بەڵگەکان بۆ من نێردران ئەو دەم شتەکان پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان کرا ئەو کات سەرۆکی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئافرەتێکی ئەفریقی بوو لە ئەنجامدا لێدوانێکی دا لە تەواوی ئاژانسەکان باسکرا، شاندی عێراق چووبووە لای سکاڵای کردبوو کە چۆن بوار درا بوو ئەم شتە بڵاوبکرێتەوە، دەبوایە زانیاری ورد لە بارەی ئەم لایەنە بڵاوکردبایەوە.

سەبارەت بەو تاوانەی کە لە دێکان و سۆریا کران و مەسەلەی ٦٧ هاوواڵاتی مەدەنی منداڵ و ژن و پیاو گەنج و پیر کوژران، ئەوەی ڕاستی بێت بایەخی ئەم کارەساتە بێجگە لەوەی کارەساتێکی زۆر دڵتەزێن بوو، کە دەبوو بخرایە بەردەم ویژدانی ڕای گشتی جیهانی، لەهەمان کاتدا ئەم کارەسات و تاوانە بۆیەکەمجار بوو دیپلوماسیەتی کورد لە شۆڕشی ئەیلوولدا توانی هەنگاوێکی بەرچاو بنێ بەرامبەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەوەی لەو سەردەمەدا ئاگاداری مێژووی ئەو ئەو کاتەی شۆڕشی کوردبێ، دەزانێ کە ئەو کاتی کورد ڕێگەی پێ نەدەدرا چ لە UN و چ لە ناوەندەکانی دیکەی سیاسی و نێودەوڵەتیدا، کە بتوانین شەکوای حاڵی خۆمان بکەین، یاخود ناڕەزایی خۆمان دەربڕین و بەش مەینەتی ئەو میللەتە بەرچاو بخەین.

ئەوەی لەو حاڵەتەدا کرا دەتوانین بڵێین شتێکی تایبەتی بوو لەو ڕوخسارەی کەوا ئێمە توانیمان دەرفەتێک بەدەست بهێنین، وەک نوێنەرایەتی شۆڕشی ئەیلوول کە بچین لە ئاستێکی هەرە بەرز لای سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە بەشێوەیەکی ڕەسمی ئەو پاداشت و شەکوایەی کە پێمان بوو بە فۆتۆگراف و لیست و زانیاری تەواوە پێشکەش ئەوی بکەین، لەوەش گرنگتر ئەوەبوو کە دەسبەجێ بەتەواوبوونمان لەو کۆبوونەوەیە هەر لەناو بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیمان گرت، کە میدیای UN و ئەمریکی بەشداری بوون، پاش ئەوە بە ماوەیەکی زۆر کەم بگرە بە چەند سەعاتێک ئاژانسی ڕویتەرز ئەمەی قۆستەوە و لەناو میدیای جیهانی باسێکی زۆری لێکرا، چونکە ئەو ڕووخسارە دبلوماسیەی کە هەیەتی خۆی لە خۆیدا ئاستێکی کاملبوون دەدات هەڵسەکەوتی شۆڕشی ئەیلوول لەدەرەوە.

ئەوکاتە زۆر شت دەکرا وێڕای توانای سنووردارای شۆڕش جێگەی ستایش بوو، بەتایبەتیش دانانی تۆزێک لە پەیوەندی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی نوێنەرەکانی شۆڕش ئەمانە هەر هەموو ڕووخساری پرشنگداری شۆڕش بوون، دەبوایە ئامازەی پێ کرابا، جگە لە چالاکی سیاسی دیکەدا زۆر بە شێوەیەکی خێرا ئامازەی بۆ کراوە.

هەندێ یارمەتی پەیوەندیداریش بە بارزانی بە تێروتەسەلی باس نەکراوە، بەتایبەتیش ئە شتانەی پەیوەندی بە نەخۆشکەوتنی بارزانی نەمرەوە هەیە، من یەکێک بووم لەو کەسانەی کە یەکەم جار لەگەڵ جەنابی بارزانی چووم بۆ لای دکتۆر، دوای پشکنین و پرس و وەڵامی زۆر دکتۆرەکە بە منی گوت لەکاتژمێر (٢) بە تەنها بڕۆمەوە لای، لەکاتی دیاریکراو چوومەوە لای دکتۆر و گوتم تۆ دەزانی ئەم زاتە کێیە ؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی بەڵێ یەکسەر هەندێ بەڵگەی دەرهێناو گوتی: بەداخەوە نەخۆشییەکی سەختە لە وانەیە نەگاتە ساڵێکی تر، ئەمە لەکاتێکدا کە ئێمە هەموان بە نازناوی تڕەوە لە ئەمریکا بووین ، دەبوایە چیرۆکی ئەو ڕۆژانە بە تێرو تەسەلی لە کتێبەکەدا هەبێت.

لە دواجاریش دا من دەمەوێت بڵێم ئەم کتێبە بۆ کێیە ، ئەگەر چی بۆ نەوەیەکە کە ئاشنایەتییەکی زۆری لەگەڵ هەندێ ڕووداوە مێژوویەکانی نزیک نییە ، لە هەمان کاتیشدا دەکرێت وەک وانەیەک ڕەچاو بکرێت ستانداردەکانی ئەوسا بکەینەوە پێوەر بۆ ڕاپەڕاندنی کاری ئەمڕۆ ، بەتایبەتیش بۆ ئەزموونی ئەمڕۆ کە وا دەخوازێت دەرس و پەندەکانی بن بەهێلی گشتیی شێوەو ئالییەتی بەڕێوەبردنی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و گیانی لە خۆبردوویی و فیداکاری و بەرپرسیاریەتی زەمەنی شۆڕشی ئەیلوول دووبارە زیندوو بکەینەوە.

جەنابی بارزانیی نەمر بە نەخشە و بەبیرکردنەوە «کاک ئیدریس و کاک مسعود»ی ڕێکخست و وای لێکردن کەتەواوکاری یەکتری بن، وا دەزانم ئەمڕۆ لەهەر کەسێک لە هاوڕیانی بپرسین و یاخود ئەوانەی لە شۆڕشی ئەیلوولدابوون و زۆر ئاگادارن دەبینن کە ئەم دوو برایە «کاک مسعود و کاک ئیدریس» چۆن لە تەوزیفی ئەو ڕۆڵانەدابوون کە پێیان سپێرابوو، چەند بە باشی جێبەجێیان کردووە